کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 13:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەک بۆ ڕەفعەت هەڵەبجەی... شەماڵە سوور

Salm1988@hotmail. com

نەگەبەتی هەنی کەس لەوەدایە تا ئێستا موزایدە بەخوێنی شەهیدان و ئەوانە دەکەن کە لەپێناو سەرفیرازی ئێمە خوێنی ئالی خۆیان بەخشی بی ئەوەی ئێمەمانان لە قەت بەرزی و گەورەیی ئەوانەوە بەقەدەر درێژایی نوکە دەرزیەکەوە بەرز بروانین، دیار هەنی لە نوسەرە بەرێزەکانمان زۆر جار بۆ ئەوەی بتوانن تەئسیر لەسەر خوێنەران بکەن پەنا دەبەنە بەر ناو هێنانی شەهیدان و موزایەدە کردن بە شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفال کراوەکان و ... ... تد کە بەداخەوە زۆرجار یەك دوانی لەم زاتانە لەسەر ئەساسی بێبنەماو نا دروست خوێنی شەهیدان وقوربانی دانی گەلەکەمان دەکەن بە شایدومانی رابردووی پر شەرمەزاری خۆیان، زۆر بەداخەوە لەم ماوەیە هەنی لەم نوسەرانە ویستیان لە پێستی مەرا گورگایەتی خۆیان نیشان دەن تا خۆیان لێمان بکەن بە منداڵە گوناهەکانی * دکتۆرە پەپوولە..

ڕەفعەت هەڵەبجەیی کۆنە خەفیفە نازانم جاران کە لە فەوجەکانی نیرۆیەکان بوو ئێستا بۆچ خۆی کردۆتە یەکێکە لە مناڵە گوناه وبەستە زەمانەکانی دکتۆرە پەپۆلە کە بەداخەوە ئەو دەستی چلکنی خۆی و رابردووەکەی لە تیشی رۆژ روناك ترە لای ئێمەمانان، کەچی ئەو دەیەوێت بە نوسینێك لەسەر دەسەلات یان لەسەر کاربەدەستانی دەسەڵات ئەو رابردووە خاوێن بکات و وا لە ئێمە بگەێنێت گەر جەنابیان نازناوی هەڵەبجەی لەدواوە پاشگر بوو ئەوا تەواو ئەو واتا شۆرشگێر واتا بوێرو رەخنە گر.

بەڵام ئاخۆ رەفعەت هەڵەبجەی کۆنە رەفیقی حاکم برایم دەبێت ئێستا درکی بەم مەسلانە کردبێت و پرسیارێکی لە خۆ کردبێت کە ئاخۆ جاران کە خۆی بە پاراستن حسێب دەکرد لەنێو شەقامەکانی هەولێر بەتایبەتی شەقامی باتا چاویان لە کورە هەولێریەکان سوردەکردەوە ئەوکتانە لەچ خانەیەك رابردووی خۆی دەژمێرت؟؟؟؟؟ کاکی بەرێز تۆ کە باسی جاش قەلەم وجنێو فرۆشان دەکەیت باشە سەیرێکی کیبۆردو قەلمەکەی خۆشت بکەیت کە دڵنیام ئێستا جنویان لی دەتکێت، جارێکیان بەمامە دایدەرژیت جارێکی تر بە مەسعود بارزانی جارێکی تر بە خانمە یەکەمی عێراق هێرۆخان، جارێکی تر بە نوسەرە بوێرەکان کە تە نها بەناوێك دەنووسن و خوێنەرانیش شایدومانی پاکی ئەوانەن، کەچی تۆیەك وا بەئەسانی دەتوێت ناوی گەورە و پارتیزان و رابردووی پاك و کۆمەلێك ناز ناوی تر بخەیتە پاڵ خۆت بێ ئەوەی جەنابت ئەوە بیت!!

باشتر وایە بۆ تۆ و هەموو ئەوانەی لە رابردووی خۆیان بە گومانن و هەر لەهیچ و لە خۆرا دەتانەویت ببن بە جێگای شانازی خەڵك ئەوا تا زوە چاوێك بە خۆیان دابگرنەوە چونکە هیچی تر بەری رۆژ بە بێژەنگ ناگیرێت کاکی جنێو فرۆش و راپۆرت نووسی حزبەکان بیرتە لەگەل حاکم برایم لەشەقامی باتا چۆن خۆتان فش دەکردەوە؟؟؟ بیرتە یان زێدە تر بڵێم؟؟؟؟

(دکتۆرە پوپولە بە کەسێك دەگوترێت کە زۆر پاك بێت) *

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.